وەجبەیەکی نوێی سوودمەندانی پاراستنی کۆمەڵایەتی گواستراونەوە بە وەزارەتی ناوخۆ

ئەمە یەکشەممە"ئەحمەد ئەسەدی" وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕایگەیاند کە وەجبەیەکی نوێی سوودمەندانی پاراستنی کۆمەڵایەتی گواستراونەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتدا کە دەستی موتەبەع کەوتووە، تیایدا هاتووە: بەبەیاری وەزیری کار 1,862 سوودمەندی پاراستنی کۆمەڵایەتی گواستراونەوە بە وەزارەتی ناوخۆ لە چوارچێوەی وەجبەیەکی نوێدا بە گواستنەوەی سوودمەندانی خاوەن توانای کارکردن بە دامەزراوە حکومییەکان.

بەپێی بەیاننامەکە : "ئەحمەد موسەوی" سەرۆکی دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ڕوونیکردەتەوە : کە دەستکە ڕەکارەکانی گواستنەوەی ئەم وەجبەیەی تەواو کردووە کە نزیکەی 206 سوودمەند بە پۆلیسی خەجێی، و زیاتر لە 1,600 سوودمەند بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لەخۆ دەگرێت.

ئاماژەی بەوەشدا کە دەستکە تا ئێستا زیاتر لە 65 هەزار سوودمەندی گواستووەتەوە بە وەزارەتە جیاوازەکان، جێختی لەسەر بەردەوامبوونی گواستنەوەی سەرجەم خاوەن تواناکانی کارکردن کردەوە بە وەزارەتەکان و کەرتی تایبەت بەپێی پلانە پەسەندکراوەکە.

لەم لینکەی خوارە ناوی پەسەندکراوەکان هەیە :-

https://www.facebook.com/share/1FWtzodoYZ/?mibextid=wwXIfr